کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
23-2-2007 16:52 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# دەنگی میللەت و ئەرکە سەختەکانی هێژا سەرۆکی هەرێمی کوردوستان ... بارزان شوان

کاتێک لاپەڕە دێرینەکانی مێژووی گەلان دەخوێنینەوە گەلێک قارەمان و پیاوە لێهاتووەکانی ئەو میللەتانەمان دێتە بەر چاو کە بە درێژایی ژیانیان خەباتیان کردووە بەردەوام لە هەوڵ و تێکۆشاندا بوون بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی گەلەکانیان، زۆر جاری واش هەبوە کە ئەو کەڵە پیاوانە خوێنی خۆیان ڕشتوە بۆ گەیشتن بە ئارمانجە بەرزەکانی میللەتەکانیان، نەتەوەی کوردیش بێ گومان یەکێک بوە لەو میللەتە تێکۆشەرانەی کە بە درێژایی مێژوو لە خەباتدا بووە هەرگیزیش کۆڵی نەداوەو بوێرانە بەرەنگاری ڕووداوەکان بۆتەوە، بێگومان ئەگەر



کوردیش چەند هەلێکی مێژوویی بۆ هەڵکەوتایە ئەوا ئەوڕۆش ئێمە خاوەن خاک و ئالای خۆمان بووین، بەڵام مخابن زۆر جار ڕووداوەکان بەهێزتر بوون لە ڕوانگە مێژوویەکان، گەلێک هۆکار بوونە بەربەست ڕووبەڕووی گەیشتن بە مەرامەکان هەر وەک هۆکاری ئاینی و ئابووری و بوارە کولتوریەکان، ئەم ڕووداوانە کاریگەر بوون بەسەر فەرزکردن و قەدەغەکردنی مانەوەی ڕۆحی سیاسی بوارە گشتیەکانی هاتنە دی ئاواتەکان، ئەو هۆکارانە لە بڕیاردانی پاشەڕۆژێکی گەش بۆ نەوەکانمان وەک پوشێک بە دەم ڕەشەبای مەرگەوە ئەملاو ئەولامانی پێکردووە جێگەی نیشتەجێبوونی پێ لەق کردووین.

شۆرشە کۆنەکان و خەباتی بێ وچانی دێرینی باو باپیرانمان بەڵگەیەکن لەو هەوڵدانەی کە کورد دەبوایە کۆتاییەکەی بە وڵاتیکی سەربەخۆیی کوردی بهاتبایە.، بەڵام زۆر بە داخەوە نەبوونی پەیوەندیی چڕی نێوان ئەو عەشرەت وخێڵانەی ئەو سەردەمەو دەست تێوەردانی دوژمنانی کورد بە ناوی قەڵاچۆکردنی ئایینی زەردەشتیو نەمانی ئیمپراتۆریەتی مادد وتەفرو تونا کردن و لە ناو بردنی ئەو برایەتییەی لە نێو خەڵکانی کوردیدا هەبوون بە ناوی چەسپاندنی ئایینی ئیسلام لە لایەن ئەو عارەبانەی کە لە نێو دورگەی عەرەبیوە کشابوونەوە بۆ ناوچە پیرۆزەکانی کوردستان و کوشتنو بڕینی منداڵ و ئافرەت و گەنج و پیری کوردان و داگیر کردنی خاکەکەمان، هۆکاری ڕاستەقینەی لەناو بردنی ڕۆحی نەتەوەیی کوردی بوو، هەر لەبەر ئەم هۆیەش تەتەرەکانی وڵاتانی قەفقاس و مەنغۆلیەکان کە لەم دواییەدا بوون بە ئیسلام و وەک تورکیای ئەوڕۆ دوژمنایەتی کوردیان دەکرد، دوا بە دوای ئەوانیش فارسەکان کە هەر لە سەردەمی کورشەوە هەر دەم خۆیان بە خاوەنی میللەتی کورد زانیوە، واتە هەر زۆر لە کۆنەوە ئەم سێ میللەتە دەستیان لە نێو دەستی یەک ناوە بۆ نەهاتە دی وڵاتێکی کوردی کە بوونی ئەو وولاتە دەبوە مەترسییەکی گەورە لە ناوچەیەدا. لە ناو بردنی ئەو هەموو ئەمارەتە کوردیانەی وەک بابان و سۆران و بادینانو ئەردەڵان و. . هتد. بەڵگەیەکی زەقو ئاشکران کە چۆن دەسەڵاتدارانی ئاینی ئەو میللەتانە بەردەوام لە تێکۆشاندا بوون بۆ لە ناوبردنی بۆچوونی بوونی وولاتێکی کوردی بەڵکو هەردەم لەو ناوچانەدا لە تێکدانی پەرژەوەندیە گشتیەکانی نێو ئیماراتە کوردیەکانداهەمیشە کارمەند بوون.

شورشەکانی پاشا کوێرە و شکاک و بەدرخان و بە تلییسی و عەبدولسەلام بارزانی و شیخ مەحمودو قازی محەمەد و لەهەمووی نوێتر شۆرشی موستەفا بارزانی نەمر کە دەنگی کوردی بە هەموو وولاتانی جیهان گەیاند کە کوردیش میللەتێکەو داوای ژیایێکی سەربەرز و وولاتی سەربەخۆی خۆی دەکات، هەر بۆیە سەرکردە شۆڤێنیەکانی هەر سێ میللەتە دراوسێکانی کورد بە بیرو باوەڕێکی ئاگرین و ئاسن

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

مامەلەیان لە گەلماندا دەکرد، بەلاّم بزاڤی بارزانی نەمر هەر لە خەباتدا بەردەوام بوو، بەشداری بوونی خۆی لە شۆرشی مەهاباتدا بەلّگەیەکی مێژوویە کە نەمر باوەڕی بەو سنووره دروستکراوەی پاشماوەی دەولّەتی و وسمانی نەدەکرد، وە لەبەر هەمان هۆکاری نیشتمان پەروەری وولاّتی کوردستانی بەجێ هێشت و داستانی پەرینەوەی ئاوی ئاراس لە مێشکی هیچ کوردێک بە ئاسانی دەرناچێت.
شۆرشی ئەیلول و راپەرینی گولاّن و خەباتی شۆرشگێرانەی بەرەکانی تری کوردستان بەردەوامی بە شۆرشەکانی تری کوردوستاندا دەدا، لە مێژوی میللەتانی دیکەدا هەر گۆرانکاریەکی پیویست بۆ دروست کردنی پارت و رێکخراوی نوێدا بە سنگێکی فراونەوە پێشوازیان لێ دەکران، بەلاّم جودا بونەوەی بیروڕای پارتیزانی و خەبات و دروست بوونی رێکخراوی نوێی کوردی بە ئاگرو شەری براکوژی دەستی پێ کرد، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا گەورەترین لاوازی بیرو بۆچونی کوردوستانی بیشان بە گەلان دا کە ئێمە میللەتێکین باوەڕیمان بە دیموکراتی بوون نیە، بەلّکو لەو دەمانەدا دەسەلاّت و کورسی زۆر گرنگتر بوە لە بیروڕایەکی ئازادو سەربەخۆ، یان دەبێت بۆچونی تایبەیمەندی تر هەبوبێت کە هێشتا لێکۆلینەوەکانی مێژوویی بۆ خەلّکی ساغ نەبوبێتەوە، بەلاّم بە هەر حالّ ئەگەر خەلّکانی کورد ئەوەی بە هەلّەیەکی کاتی لە گۆرەپانی کوردی حیساب بکات دەبوایە پێکدادانی سالاّنی 94 و 96 بە هیچ جورێک بەرپا نەبوایەتەوە، بەلاّم وەک کورد دەلّێ زەرەر لە نیوەی بگەرێتەوە باشترە، دەبێت ئێمەی کورد کەلّک لەو رۆژە رەشانە وەر بگرین و منداڵانمان فێر بکەین کە باو باپیرانمان هەلّەیان کردووە داوایی لێ بوردنیان لێ بکرێت چونکی مندالّی شەهیدان رۆژێک دێت لێمان بپرسنەوە بۆچی شەری براکوژی رووی دا و هۆکاری بەرپابوونی چی بوون؟.
من نامەوێ زیاتر لاپەرە کۆنەکان بکەمەوەو کای کۆن بە دەم رەشەبادا بدەم، بەلّکو دەمەوێت راستەو خۆ ئەو ئەرکە گرنگانەی پرۆسەی داواکردنی سەقامگیری و ئاسایشی کوردستان و بەدیهێنانی خەوی کوردی دەکەوێتە سەر زاتی رێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردوستان.
دەبێت ئێمەی کورد هەرگیز لە بیرمان نەچێتەوە کە کاتێک زۆرینەی دەنگی خەلّکانی کوردستانی باشوور لە هەلّبژاردنێکی بەربلاّودا سەرۆک مەسعود بارزانی بەرێزمان وەک نوێنەرو گەورە دەسەلاّتی کورد هەلّبژارد کە ئەوە بێگومان ئەرکی سەر شانی ئێمە بوو وە لە هەمان کاتیشدا سەرۆکی هەرێمی کوردوستان دەبێت بە بێ کەم و کورتی داخوازیەکانمان بۆ جێ بەجێ بکات و لە گەلّ ئەو پرۆسە کاتیەی کە وەک رێزدار بەخۆی ئاماژەی پێ کرد ئەو خەوەی گەلی کورد کە سەربەخۆیی کوردوستانە دەبێت بێتە دی، وە ئێمەی کوردیش هەر هەمووومان پالّپشتی لێ دەکەین لە هەمان کاتدا دەمانەوێت جەخت لە ئاودانکردنەوەی هەموو شارەکانی کوردستان بکەینەوە و جێ بەجی کردنی مادەی 140یش کە شاری کەرکوکی زێرین بە هەر چ شێوەیەک بێت، دەبێت بگەرێتەوە ناو باوەشی کوردستان وئالاّی کوردستانیش دەبێت لەسەر شەقام و دەزگاکانی ئەو شارەشدا بشەکێتەوە.
لێرەدا کۆمەلێک خەلّکمان لێ راست دەبنەوە و بە زەقی داوای وەلاّم دانەوە دەکەن، وەلاّمەکەشی تەنها بەووردی دەبێت سەرۆکی هەرێمی کوردوستان بەر پرس بێت لێی، ، ،
1- سەرۆک دەتوانێت چ گەرەنتیەکمان بداتێت کە لە پەیمانەکانی داویەتی بە گەلی کورد پاشگەز نەبێتەوە؟
2- لە گەلّ پاشەکشێی سوپاکانی ئەمریکی چۆن سەرۆکی هەرێم دەتوانێت بەرگری لە هەر هێرشێکی وولاّتانی ئیقلیمی ببێتەوە، یاخود ئەگەر سوپای تورکی بە رەزامەندی ئەمریکا هێرشی بردە سەر هەرێم ئەو کاتە چ جۆرە پلانێک دارێژراوە بۆ بەرەنگاربوونەوەیان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاّودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
23-2-2007 16:52 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

3- چۆن سەرۆکی هەرێم دەتوانێت گەرەنتی بە بەردەوام بوونی برایەتی و مانەوەی پەیمانەکان بدات لە گەڵ برایانی شیعەدا، وە ئەگەر گریمان ئەم برایانە هەڵگەرانەوەو بەرژەوەندیەکانیان لە گەل پەرژەوەندی ئیراندا یەک بوون، هەڵسو کەوتی کورد ئەو کاتە دەبێت چۆن بێت؟

4- گریمان ئەمریکیەکان لە بەر پەرژەوەندی خۆیان لە دوارۆژێکی نزیک یان دوور کوردیان دووبارە فرۆشتەوە و وەک جاران و پەشیمان بونەوە لە گەڕانەوەی شاری کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردوستان؟

5- چ گەرەنتیەک دەدرێت کە سەرۆکی هەرێم وەک چۆن هێزا بە خۆی لە زۆر کۆ بونەوەدا بڕیاری لە ناو بردنی نەخۆشی گەندەلی دەدات کەچی گەندەڵچیەکان بەردەوام سنوورە یاساییەکان دشکێنن؟

5- کەنگی یاسا سەروەر دەبێت و کەس لە یاسا گەورەتر نابێت؟

6- چین و توێژەکانی میللەتی کورد چۆن و کەی بە یەک چاو تەماشا دەکرێن؟

7- بۆچی زەوی و زار تەنها بەسەر کاربەدەستە حیزبیەکان دابەش دەکرێن و شاخ و کێوی کوردوستانی رەنگین بەسەر گەندەڵەکاندا بەردەوام تاپۆ دەکرێن؟

8- چۆن گەنجان و لاوان پاشەرۆژیان بۆ دابین دەکرێت کە وولاتەکەیان بەجێ نەهێڵن و ئاوارەی هەندەران نەکرێن؟

9- چۆن قوتابخانەکان زامن دەکرێن و فەرق و جودایی منداڵانی هەژار و پارەدارەکان وەک یەک دەبێت؟

10- تا کەی فایل دارەکان سەربەستانە دووبارە پێ لەسەر گۆڕی شەهیدان دابنێن؟

11- هەتا وەکو چەند ساڵی تر چاوەنواری بەرەنگاربوونەوەی پێشیلیەکان بکەین و کەی چاکسازی و پاک سازی سەرهەڵدێنێت؟

12- کەی وە چۆن بەرەنگاری لە بوونی هەژاری لە کوردوستاندا دەکرێت؟ وە چۆن و کەی و چۆن و تا کەی، ، ، هتد ؟؟؟؟؟؟؟؟

زۆر بۆچوونی سیاسی تریش هەن کە لێرەدا دەتوانین باسی لێوە بکەین وەک ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر پەیوەندیەکانی تورکیاو ئەمریکا وە پێشهاتوە و وە نزیک بوونەوەی رۆژی هەڵبژاردنی گشتی تورکیا کە موسڵمانەکان دەیانەوێت دەسەلات لە سەربازەکان وەر بگەرنەوەو ئوردوگان ببێتە سەرۆک کۆما رو گولیش ببێتە سەرۆک وەزیران، هەروەها ئەو قسانەی کە سەرۆک وەزیرانی تورکی دەیکات بۆ خۆ نزیک کردنەوەی کاتی لە گەڵ گەلی کوردا، کەچی پێشهاتەکان وا دەگەیەنن کە ئەو خۆنواندنانە بە هۆشیاری وئەجندەی تورکیاو ئێرانەوەیە بەسەر بەجێهێنانی کارە تێرۆریستیەکانی دژ بە وولاتی ئێراقەوەیە بە شێوەیەکی گشتی و پەرەپێدانیەتی بۆ سەر هەرێمی کوردوستان، جا هەر بۆیە بڕیارە مێژوویەکانی هێزا سەرۆکی هەرێمی کوردوستان دەبێت لەگەڵ رووداوەکانی ئەورۆی کوردوستاندا بگونجێت و کاردانەوەکەشی لە هەر چوار پارچە داگیرکراوەکەدا بێتە هۆی بەرهەمی هێنانی خۆشبەختی و کامەرانی و سەرفرازی بۆ گشت گەلانی کوردوستان.

02/2007

uvnbas@hotmail. com سوید

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.